ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
10
25 ی نیسان / ئەپریل 2021



# یەکی ئایار، ڕۆژی نمایشی هێزی چینایەتیمانە!

**موحسن کەریم**

یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینایەتی و نێونەتەوەییمانە. ڕۆژی وەستانەوەیە بە دژی ستەم و چەوساندنەوە و نایەکسانی، ڕۆژی دەنگ هەڵبڕینمانە لەپێناو ژیانێکی هاوچەرخ و شایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە. ڕۆژی دادگاییکردنی سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداریە لەبەردەم ویژدانی مرۆڤایەتی هاوچەرخدا.

دوای دەیان ساڵ لەخەباتی چینی کریکار، دوای دەیان ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ بۆرژوازی و دەسەڵات و حکومەتەکانیدا، سەرەنجام چینەکەمان توانیویەتی بەشێک لەو مافانە بەدەست بهێنێ، کە پێشتر وەکو شتی بێماناو نەشیاو لەلایەن بۆرژوازی و بیرمەندو ڕۆشنبیرەکانیەوە باسی دەکرا و توانی لەناو چوارچێوەی یاساکانی خودی بۆرژوازیدا جێگیریان بکات. بەڵام هەرکاتێکیش بۆرژوازی و دەسەڵاتەکانیان بۆیان کرابێت و فرسەتیان لە لاوازی و پرشو بڵاوی چینەکەمان وەرگرتبێت، هەوڵیان داوە ئەو دەسکەوتانە وەربگرنەوە. دنیای ئێستا شاهیدی سەندنەوەو زەوتکردنەوەی چەندین دەسکەوتە کە چینی کرێکار پێشتر بەدەستی هێنابوون و لە یاسای کاردا جێگیری کردبوون.

دەورەیەک لە هێرشی بۆرژوازی بۆ سەر دەسکەوتەکانی چینی کرێکار دوای ڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو، کە بۆرژوازی جیهانی هەوڵی دا بیکاتە دەرفەتێک بۆ پاشەکەشە بە چینی کرێکارو

بۆ لاپەڕە 2



# دەربارەی دیاردەی قاچاخچێتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و یاریکردن بە ژیان و سەلامەتی خەڵکەوە

**عوسمانی حاجی مارف لە وەڵام بە پرسیارێکی ئۆکتۆبەردا**

ئۆکتۆبەر: لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا عەلی حەمە ساڵحی ئەندام پەرلەمانی گۆڕان باسی لە دیاردەی قاچاخچێتی بەرپرسانی حکومەت و حزبەکانی کرد و هەروەها ئاماژەی بە مەترسی ئەو مەوادانە کرد کە قاچاخچێتیان پێوە دەکرێت لەسەر سەلامەتی تەندروستی هاوڵاتیانی کوردستان. لە یەکێک لە قسەکانیدا ووتی کە بەرپرس هەیە لە مانگێکدا ٣٦ ملیۆن دۆلاری دەست کەوتوە. هەروەها باسی لەوە کرد کە هەندێک مەواد لەناو گازوایلی موەلیدەکاندا هەیە کە ژەهر دەکاتە ناو کەشوهەواوەو چەندین مەوادی دیکە

بۆ لاپەڕە 3



# ئەگەر شەرەف هەبووایە!

**لە پەیوەند بە زیادبوونی دیاردەی ژنکوژییەوە**

**جەمال موحسین**

سەرئەنجام دوای ئەوەی کوشتنی زەهرا سەر و دڵی کۆمەڵگەی گرت، دیسان سەردێڕی هەواڵی بەشێک لە میدیا بینرا و بیستراو و میدیا کۆمەڵایەتیەکان بۆوە بە کوشتنی ژنان. سەختە لەپاڵ تێپەڕاندنی ڕۆژانێکی پڕ هەژاری و برسێتی و بێموچەیی و نەخۆشی و مەرگی بەلێشاوی مرۆڤەکانی پاڵ دەستتدا ئەم هەواڵانەی ژنکوژیش هێندەی تر هەراسانت بکات. لەوەش بێزارکەرتر ئەوەیە سەرۆکی حکومەت ڕایبگەیەنێ نیگەرانە و خۆی وتەنی"هیچ شەرەفێک لە ژن کوشتندا نییە" و گوایە

بۆ لاپەڕە 4

## ڕۆڵی پارتی لە تاوانی تیرۆری هاوڕێیان شاپور و قابیل دا!

عەبدوڵا مەحمود - لاپەڕە 6

## بەڵی بۆ بڕینی موچەی پلە باڵاکان و زیادکردنی موچەی کرێکاران!

مستەفا باهیر - لاپەڕە 8

## بەبێ ڕێکخراوبون، ئایندەیەکی باش نایەتەدی!

عرافان کەریم - لاپەڕە 9

## کاردانەوەی بارەگای بارزانی و ئیسلامیەکان هەمان ناوەڕۆکی هەیە!

لاپەڕە 12

## دریژەی.. یەکی ئایار، ڕۆژی نمایشی هێزی چینایەتیمانە!

بزوتنەوەکەی لەئاستی دنیادا.

لەوبارەوە هێرشی بۆ سەر کۆمۆنیزم وەکو ڕادیکاڵترین فکر و جیهانبینی چینی کرێکار و وەکو بەشی پێشڕەو ڕادیکالی بزوتنەوەی چینایەتی کرێکار، دەست پێکرد. دەورەی دووەمی هێرشەکەی بۆرژوازی لە سەردەمی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری دا بوو لە ساڵی ٢٠٠٨دا کە دیسانەوە بەشێکی بەرچاو لە دەسکەوتەکانی چینی کرێکاری زەوت کردەوە. دەورەی سێهەمی ئەم هێرشە لە سەردەمی سەرهەڵدانی قەیرانی کۆرۆنا دەستی پێکردووە بۆرژوازی لەهەوڵی ئەوەدایە کە هەرچی پێشڕەوییەکانی پێشووتری چینی کرێکاری جیهانیە وەربگرێتەوەو هەلومەرجێکی کۆیلە ئاسا بەسەر کارو ژیانی کرێکاراندا بسەپێنێ.

هەر ئێستا لە وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا کاری بێگرێبەست بەسەر کرێکاراندا دەسەپێنرێت، کاتژمێری کارکردنی ڕۆژانە کە ماوەیەک خواستی ٧ کاتژمێر کارکردن یەکێک بوو لە خواستەکانی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاری، بەرەو سەرەوە براوە، ئەوە ئەگەر ماوەی چوون و گەڕانەوە لەسەر ماوەی کارکردن هەژمار بکەین، لە هەندێ شوێن و هەندێ کاردالە ١٠ تا ١٢ کاتژمێر نزیک دەبێتەوە. بیمەکان کەمکراونەوتەوە. خزمەتگوزاریەکان هەنگاو بەهەنگاو لە دەستی حکومەتەوە گواستراونەتەوە بۆ دەستی کۆمپانیا ئەهلیەکان و بە نرخێکی گران بە هاوڵاتیان دەفرۆشرێنەوە! ....

لە کوردستاندا، سەرباری هێرشی خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەداران و حکومەتەکەیان بۆسەر ئاستی گوزەران و ژیانی کرێکاران، سەرباری سەپاندنی هەژاری و بێکاری بەسەر کرێکاراندا، سەرباری نەدانی بیمەی بێکاری بە بێکاران، نەدانی بیمەی پزیشکی، خانەنشینی، بیمەی دەورانی پەککەوتەیی و نەخۆشی...و تاد. ژینگەی کارو کارخانەو کارگاکان وەکو سەربازگەی لێکراوەو کرێکاران لە هیچ جۆرە ئازادیەکی قسەکردن و کۆبونەوەو مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربرین بەهرەمەند نین. دەرکردن لەسەر کار چەکی دەستی خاوەن کارە هەر کاتێک بیەوێ دەنگی کرێکاران کپ بکات یان ناچاریان بکات بە کارکردن بەپێی مەرجەکان و پێداویستیەکانی خۆی.

کارکردن بە منال لە هەموو گۆشەو کەنارێکدا بڵاوە! هەراسانکردنی سێکسی دیاردەیەکی قێزەونە بەرامبەر بە ژنانی کرێکار و کارمەندان لەلایەن خاوەنکار و بەرپرسانی ئیداریەوە بەڕێوە دەبرێت. سەرباری ئەوانە هیچ جۆرە یاسای کارێک کە چاودێر بێت بەسەر پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکاردا، چ جای یاسایەک بێت مافەکان و بەرژەوەندی کرێکاران ڕەچاو بکات، لە گۆڕێ نیە! بەمجۆرە هەلومەرجێک بەسەر کاری کرێکارانی کوردستاندا زاڵکراوە کە نزیکە لە کۆیلایەتیەوە. دەسەڵاتدارانی هەرێم بە دان و نینۆک بەرگری لە مانەوەی ئەم هەلومەرجە سەخت و نامرۆڤانەیەی کار و چەوساندنەوەی کرێکاران دەکەن و لەپاڵ خاوەنکارو سەرمایەداراندا ڕاوەستاون و لولەی چەکەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان دەخەنەکار. سەرباری ئەوە خۆشیان وەکو خاوەنکارێکی بێمنەت و ملهوڕ دەستیان داوەتە گەروی کرێکاران وکارمەندانی کەرتی حکومی و بەبیانووی جۆرواجۆرەوە موچەو هەقدەستەکانیان تاڵان دەکەن!

پێچەوانەوەکردنەوەی ئەم هەلومەرجەی ژیان و کارو گوزەرانی کرێکاران، لە ئاستی دنیاو لە ئاستی کوردستانیشدا بەندە بە هاتنەمەیدانی ڕێکخراو یەکگرتوو هوشیارانەی چینی کرێکارەوە دژی سەرتاپای دەسەڵاتی بۆرژوازی، بەندە بە دەورو نەخشی سیاسی و کاریگەری کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی چینی کرێکارەوە، بەندە بە بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی- جەماوەری کە دەست بۆ هەموو مەیدانەکانی خەبات و هەموو شێوازو میکانیزمەکانی خەبات بەرێت و یەخەی بۆرژوازی و دەسەڵات و حزبەکانی بگرێت. بەبێ بزوتنەوەیەکی کرێکاری سیاسی و ڕادیکاڵ و جەنگاوەر کە توانای بەرەنگاربوونەوەی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی هەبێت، ئیمکانی سەرکەوتن بەسەر بۆرژوازیدا و پاشەکشەپێکردنی لەم هێرشانەیدا دژ بە چینەکەمان، نیە. بائایاری ئەمساڵ بکەینە سەرەتای دەستپێکردنی هەنگاوەکانمان بەرەو کۆتاییهێنان بەم هەلومەرجە سیاسی و ئابوریەی ئێستا و بەدەستهێنانی مافەکان و بنیاتنانی ژیانێکی یەکسان و ئازاد بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان.

★

**کرێکاران تەنها بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان دەتوانن دۆخی کار و باری ژیانیان باش بکەن !**

## درێژەی .. دەربارەی دیاردەی قاچاخچێتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و ..

دێنە هەرێمەوە بە قاچاخ کە مەترسی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان دروست دەکات و چەندین کەس بەهۆی ئەو ژەهرانەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون.

ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم بارودۆخە، بۆچی بەوجۆرەی لێهاتوە؟ ئەگەروایە ژیانی هەمومان لەبەردەم مەترسی و گیرۆدەبوون بە نەخۆشی ترسناک و درێژەماوە دایە...

عەلی حەمە سالح دەڵێ من بە راپۆرت و بەهەموو جۆرێک ئەو مەترسیەم خستۆتە بەردەم دەسەڵاتداران، بەڵام ئەوان ژیانی خەڵکیان بۆ گرنگ نیە. حزبەکەی خۆشی لەناو دەسەڵات و حکومەتدایە... سەربەخۆ لەوەی مەبەستی ناوبراو چیە لە ئاشکراکردنی ئەم مەترسیە، بەڵام خەڵک چی بکات؟ چی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا بکات کە بەوجۆرە یاری بە ژیانیەوە دەکات!؟

عوسمان حاجی مارف: قاچاخچێتی لە کوردستان دیاردەیەک نیە کە هەر تەنها کاری چەند بەرپرسێکی حزبی بێت و لەو ڕێگایەوە چەندین ملیۆن دۆلار بەدەست بهێنن، بەجیا لەوەی لە زۆر شوێنی سنورەکانی دنیادا ئەم دیاردەی قاچاخچێتیە جۆرێکە لە بازرگانی نا یاسایی، کە لە گەڵ هەردەستکەوتێکی گەورەی چەندین ملیۆن دۆلار بەم جۆرە بازرگانیە، ژیانی هەزاران خەڵکی نەدارو زەحمەتکێش دەبێتە قوربانی، ئەو قاچاخچێتیەی کە عەلی حەمە سالح ئاماژەی پێدەکات وەک مەترسیەک بە کاری چەند بەرپرسێک پێناسەی دەکات و کاریگەری دەبێت لەسەر هاوڵاتیان، لە نمونەی هەمان ئەو جۆرە قاچاخچێتیە کە نمونەکەی وەک قسەمان لەسەرکرد لە زۆربەی سنورەکانی جیهاندا بونی هەیە، بەڵام جیاوازیەک کە پێویستە لە کوردستاندا دەربارەی قاچاخچێتی قسەوباسی لەسەر بکەین، بە ئاشکرا ئەوە دەبینرێت کە هەردووهێزی بنەماڵەو میلیشیای پارتی و یەکێتی و هاوکارانیان، دەوری سەرەکی دەبینن لە سیستماتیک پێکردنی قاچاخچێتی و تالانی و گەندەڵی وەک سەرچاوەیەکی دەستکەوتی دارایی بۆ بنەماڵەکان و هێزەکانیان، نەک تەنها بەکەمتەر خەم بۆیان بروانین.

گەر سەرنج بدەن کێشەیەک کەدەورێکی زۆر نەرێنی هەیە لە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا، قاچاخچێتی نەوت و پەیوەندی ژێربەژێرە بۆ ناردن و ساغکردنەوەی سەدان هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، بەجیا لەوەی بنەماڵەی دەسەڵاتدار ڕۆژانە بازرگانی بەسەدان هەزار بەرمیل نەوتەوە دەکەن، لەڕێگەی قاچاخیشەوە سەدان هەزار بەرمیلی تر دەچێتە ئێران، تورکیا، پاکستان، ئەفغانستان، روسیا..هتد. پارتی و یەکێتی گەورەترین مافیای کۆمپانیای قاچاخن، لەهەمان کاتدا لەسەر سنورەکان کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندایە هەرچی کەرەسەی ئێکسپایەرو بۆگەن و مەوادی ژەهراویە بەئاسانی دەگوازنەوە بۆ بازاڕەکانی کوردستان وە ساغ کردنەوەیان بەبێ تێپەڕبوونیان بە کۆنترۆڵی جۆریدا.

گەر بەڕاشکاوانەتر لەم بارەیەوە لەسەر تەواوی دەسەڵاتی سی ساڵەی ئەم دوو هێزە میلیشیایە بدوێین، ئەوەمان لە یاد نەچوە کە لەیەکەم ڕۆژی دەسەڵاتیانەوە تەواوی کەرەسەو ئامێرو پێداویستیە تەندروستیەکان و کارەبایی و خزمەتگوازەریەکانیان ئاودیو کرد بۆ ئێران و فرۆشتیان، سنورەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانیان و گەورەترین سەرچاوەی دەستکەوتی سەرمایەکانیان لە ڕێگەی قاچاخچێتیەوە بەدەست دەهێنا، لە ماوەیەکی کەمدا هەردوو بنەماڵەو حزبەکانیان بونە خێزانە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان.

ڕەخنەگرتن لەوەی قاچاخچێتی دیاردەیەکە کە کاری چەند بەرپرسێکی حزبیەو دەسەڵات کەمتەرخەمە بەرامبەری، وە داوابکەین وەک گەندەڵکارانێک لێپرسینەوەیان لێبکرێت و دادگایی بکرێن، لەبەرئەوەی مەترسین بۆ سەرژیانی هاوڵاتیان، ئەم ڕەوتە لە ڕەخنەو مامەڵە نەک بەهیچ جۆرێک نامانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەئەتوانین فریاد ڕەسی قوربانیەکانی ئەم کارە چەپەڵە بین، بەڵکو دەبێتە وونکردنی ئەو ئومێدو ڕێگایەی کە دەبێتە هۆکاری کۆتایی هێنانی ئەم دەسەڵاتە، ⇦

## مل مەدەن بەگرێبەستی کاتی..چونکە گرێبەستی کاتی بەکۆیلەکردنی کرێکاران وفەرمانبەرانە!

**گرێبەستی کاتی داسەپاندنی سەعاتکاری زۆر وکرێ کەم و پەیوەست نەبوونی خاوەن کۆمپانیاکانە بەدانی زەمانی خانەنشینی و هەر جۆرە بیمەو پاداشتێکەوە.. گرێبەستی کاتی هەموو بڕیارێک بەخاوەن کارو کۆمپانیاکان دەدا و هەرکات بیانەوێت کرێکاران و فەرمانبەران لەسەر کارەکانیان دەردەکەن! .. کەوایە با ڕێگا نەدەین بەم ستەمگەری وکۆیلەکردنە..با داوای ڕاگرتن و قەدەغەی کار پێکردنی کرێکاران و فەرمانبەران بەگرێبەستی کاتی بکەین. با حکومەت بەرپرسیار بکەین بەدابین کردنی کاری دائیمی وەیا بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو هاوڵاتیەکی ئامادە بەکار!**

## درێژەی .. ئەگەر شەرەف هەبووایە!

وەزیری ناوخۆی ڕاسپاردووە بۆ دڵنیابوون لەوەی تۆمەتبار بە سزای خۆی بگات! بەڵام لای هەمووان پرسیارە کە بە ڕاستی ئەگەر ئەمە هەڵوێستی دەسەڵاتە، بۆچی ئەم دیاردەیە لەم ماوانەدا زۆر زیادی کردووە، هەرچەندە کە ٣٠ ساڵیشە ژنکوژی بەربڵاوە؟

ئێمە کۆمۆنیستەکان هەمیشە وتوومانە و جارێکی تریش جەختی لێ ئەکەینەوە کە بۆرژوازی لە هاتنە سەر دەسەڵاتییەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ژنکوژییەوە هاتە مەیدان. دیاردەی کوشتن و ئەوەی ئێمە پێمان وتووە تیرۆری ژنان لەویوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەم حزبە سەرەکیانەی دەسەڵات (سەرەتا یەکێتی و پارتی و دواتر و ئێستاش ئەوانی دی لەگەڵیان) خێڵەکین و هەر خۆیان عەشائیرین و ئەو فەرهەنگ و کولتورە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی هەیانە بۆتە مایەی دەستکردن بەو کەمپینی ژنکوشتنە و ئێستاش بە لێشاو و دەیان هەزاری تێپەڕاندووە.

زۆر بە کورتی ئەمەوێ ئەوە بڵێم دوای ڕاپەڕین کە فەزای کۆمەڵگا یەکسەر کرانەوەیەکی بەخۆیەوە بینی و چینی کرێکار و کۆمۆنیزم سەریان بەرزکردەوە و جوڵانەوەی شوراکان سەریهەڵدا. لەپاڵ ئەمەدا هاتنە مەیدانی جەسورانەی ژنان هاتەئاراوە: ژنانی چەکداری ناو شوراکان، ژنانی ڕاپەڕیوی کرێکاران لە دژی خاوەنکار و بەڕێوەبەرە بەعسیەکان، ژنانی ناو گەڕەکەکان کە بووە دیاردەیەکی جوان و خەباتکارانەی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ مۆرلێدانێکی پێشکەوتوو و ڕادیکاڵانەتر. ناسیۆنالیزمی کورد وەک بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی ئەبوایە بەرەنگاری کرێکار و کۆمۆنیزم بوایەتەوە، لەم نێوەدا شتێک کە بەرگەی نەئەگرت هاتنە مەیدانی ژنان بوو. بۆیە لەوێوە ویستی هێرشەکانی دەست پێ بکات، کەمپەینی ژنکوشتن بوو لەژێر ناوی بەعسیبوون و لەشفرۆشیدا. لەکاتێکدا هەمووان هەر زوو زانییان کە مەلەفی گەورەی بەعسی بوون هی گەورە سەران و بەرپرسەکانی خۆیان بوون و هەر ئەوانیش بوون دۆخی نالەباری خەڵک و بژێوی خێزانەکانیان بەد بەکارهێنا و ژنانیان ڕاپێچی لەشفرۆشیەکی فراوان کرد.

کوشتنی ژنان لە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەمانەوە دەستی پێکرد، بەڵام ئەوە ٣٠ ساڵە درێژەی هەیە. هیچ ڕاستیەک لەوەدا نییە وا دابنرێ ئەوان هەوڵی بنبڕکردنی کوشتنی ژنان و کوشتن لەسەر ناموس و نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنان و یان لانی کەم کەمکردنەوەی ئەم دیاردانەیان دابێت! هەمووان ئەزانن لەبەرامبەر بە کوشتاری ژناندا، یان لێبوردنی گشتییان بۆ دەرکردوون یان هەتا بەشێوەیەکی فەرمی و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پاساویان بۆ هێناوەتەوە. یان ئەوەتا ئەبینین لە کەیسێکی وەک ئەوەی سیوان قادردا سزای لەسێدارەدانیان بۆ بکەری تاوانەکە دەرکردووە. لەوانەی یەکەمدا یانی بەکردەوە داڵدەی ژنکوژانیان داوە، ئاخر سەیرە پێت وابێ بزووتنەوە و ئەحزابێک بە ژنکوشتن دەستیان بە سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەیان کردبێ، ئێستا داڵدەی تاوانباران نەدات! حاڵەتی دووەمیشیان یانی بەرەسمیکردنەوەی تاوان و ئینسانکوژی لەلایەک و لابردنی چاوی تاوانکاریی لەسەر خودی دەسەڵات لەلایەکی ترەوە.

## پاشماوەی .. دەربارەی دیاردەی قاچاخچێتی حزبە دەسەڵاتدارەکان و ..

واتە علی حمە سالح لەگەڵ خواستی کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە نیە، بەڵکو دەخوازێ چاکسازیەک بخاتە ڕوو کە دەسەڵات بەر بە قاچاخچێتی بگرێت ئەمەش مەحاڵە لە خەونیشدا بیبینرێت.

بەو مانایەی پێکهاتەو سروشتی ئەم دەسەڵاتە سەرچاوەیەکی سەرەکی دەستکەوتە داراییەکەی کەڵەکەی سەرمایەی قاچاخچێتی و جەردەیی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستانە، واتە خودی ئەم دەسەڵاتەیە بە هەموو پێکهاتەو دەزگاکانیەوە مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی خەڵک، پاراستنی ژیانی هاولاتیان لە هەر ژەهرو کەرەسەیەکی بۆگەن و ئێکسپایەر لە سایەی بەردەوام بونی هەردوو دەسەڵاتی بنەماڵەی پارتی و یەکێتی کارێکی مەحاڵە، هەر کەس و لایەنێکیش، لە چوارچێوەی مانەوەی ئەو دوو بنەماڵەیەو هاوبەش بوون لەدەسەڵاتەکەیاندا، بەنیاز بێت ڕێگایەک بۆ پاراستن لەمەترسیەکانی سەر ژیانی هاولاتیان پەیدا بکات، ئەوە کارێکی بێهودەو گەوجانە دەکات، یان هەوڵی چەواشە کاری هاولاتیان ئەدات، بەتایبەتی گۆڕان و ئیسلامیەکان هەر قسەیەک لەسەر قاچاخچێتی و گەندەڵی بکەن نابێت جگە لەوەی وەک کاری چەواشەکاری بۆیان بڕوانین چاوەڕوانی ترمان لێیان هەبێت، چونکە بۆ خۆیان بەشێکن لە پارێزەری ئەم سیستەمە و پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتێک کە بۆ خۆی ژەهرە بۆ هاولاتیان.

هەربۆیە ڕزگارکردنی هاولاتیان لەهەرمەترسیەکی بازرگانی و قاچاخچێتی و تاڵانکاری و هەروەها کەڵەکەی سەرمایە بە کاری بەکرێیەک کە لەهەلومەرجی کاری ئەوپەڕی نائینسانی و دڕندانەدایە لە کوردستاندا، تەنها لەڕێگای کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە مەیسەر دەبێت.

★

## پاشماوەی .. ئەگەر شەرەف هەبوایە!

ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە ئەوان نوێنەری چینێکن، چینی بۆرژوازی، کە بنەمای بەڕێوەچوونی ئابوری سیستمەکەیان وا ئەخوازێ ژن پلەدوو و کەمتر و چەوساوەتر بێ تاکو ڕیزی چینایەتی کرێکاران شەق و پەق بکەن. ئەمە تایبەتمەندێتی چینایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە و لە پێشکەوتووترین وڵاتدا بە لێووردبوونەوەیەکی کەم بە ئاشکرا بەڵام بە شێوازی جیاجیا ئەبینرێت. لە کوردستاندا لەوەش زیاتر، کارێکیان کردووە ژنان مەمنون بن بهێڵن زیندوو بمێننەوە. بەڵام ئەوەی کە لەم دواییانەدا دیاردەی کوشتن بە گشتی و کوشتنی ژنانیش بە تایبەتی زیادی کردووە زادەی هەلومەرجێکی قەیراناویە. قەیرانێکی سەراپاگیری ئابوری و سیاسی و حکومەتی و ئیداری کە دەسەڵاتی بۆرژوا_کوردایەتی تێیکەوتووە گۆڕیویەتی بە نانەوەی پشێوی کۆمەڵایەتی و یەکەمین کەسانیش کەبەسەریاندا شکابێتەوە ژنانن، بۆ؟ چونکە سیستەمە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیە کە ژنی بە کەم و پلە دوو داناوە، وەک بوونەوەری زەلیل و ژێرپێخراو جێگیری کردوون. تەماشاکەن، ساڵەهایە جگە لەو کوشتارو کێشانەی باسکران، هاوسەرگیری منالان چەند زیادی کردووە. کێ مۆڵەتی پێئەدات؟ گەر دەسەلات جڵەو بۆ مەلا و شەریعەتێکی دژە ژن و منال شل نەکات چۆن مەلاکان سەربەخۆ ئەتوانن کچان مارەبکەن؟ گەر لە دیوەخانی پەرلەمانەکەی ئەوانەوە بڕیاری چەند ژنە پەسەند نەکەن، کێ لە دەرەوە و ناوەوەی دادگاکانەوە چەند ژنێک بۆ پیاوێک ڕیز ئەکات؟ لەکاتێکدا ژنی یەکەم و دووەم و سێهەمیش ناچارئەکەن کە بلێت بە خۆشحاڵیەوە ڕێی بە هاوسەرەکەی داوە ژنی تر بهێنێتەوە؟ .... وە هەزاران نمونەی تر. ئیتر بێگومان کاتێک قەیران و بێکاری و نەبوونی و بێمووچەیی و بێخانەولانەیی و نەخۆشی زیاتر یەخەی کۆمەڵگا ئەگرێت، بەشێکی زۆری بەسەر ژناندا ئەشکێتەوە کە کراون بە مەزلومترین بەشی کۆمەڵگە.

لە پەیوەند بە کەیسی زەهراشەوە لە کاتێکدا کە مەسرور بارزانی ئەو قسەیە ئەکات، هەر کەناڵی ڕوداوەکەی سەر بە خۆیان مایک ئەخاتە بەردەم عەشیرەتێک کە چەک بەدەستی خۆیانن و هاوکاتیش بە تەلەفون بکەر دێنێتە سەر هێڵ و بە ئاشکرا ئەڵێ تاکو ''دۆستەکەی زەهرا خۆی تەسلیم نەکات، ئەو خۆی تەسلیم ناکات''. سەیری ئەم سیناریۆیە بکەن بۆ داتاشینی تۆمەتی ناموسی بۆ زەهرا کە لێیەوە ئەیانەوێ هەڕەشەیەک بۆ هەموو ژنان بنێرن! ئەمە ئەو سیناریۆیەمان بیرئەخاتەوە کە لە کاتی کوشتنی دونیادا پارتی مایکی خستە بەردەم خەڵکانێک بە ئاکشرا بڵێن کە گەر کچ و ژنی ئەوانیش وابکات هەر ئەیکوژن چونکە مەسەلەکە ناموسە!

''هیچ شەرەفێک لە ژنکوشتندا نییە'' ڕستەیەکی بێتامە کە لە ناوجەرگەی ئەوروپای پێشکەوتووشدا دەسەڵاتە بۆرژوازیەکان بەکاری ئەهێنن و کەچی بە ڕێزگرتن لە فرەکولتوری و پارە تەخشان کردن بۆ لیدەری ڕەوەندە بە ناو موسڵمانەکان و دانانیان بە سەرۆکی ئەو ڕەوەندانە چەندین ژن لە پاڵ دەستیاندا ئەکوژرێ، لە ناو خێزانەکاندا لێیان ئەدرێ و سوکایەتیان پێئەکرێ و پەراوێزیان ئەخەن، ئەو ''شەرەفەیان'' هەر نەجوڵا تا کۆتایی پێ بهێنن!مەسەلەکە بۆ کوردستانیش هەروایە، ئەگەر'' شەرەف'' بە مانای شکۆی ئینسانی لەو دەسەڵاتەدا هەبوایە، خاوەنی ئەو تاوانکاری و سیناریۆ چەپەڵانە نەئەبوو.

کەواتە چینێکی دەسەڵاتدار کە لە ژنکوژیەوە دەستیپێکرد، لەبەرامبەریدا بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و حەقخوازانەی ژنانیش ئەبێ نوکی ڕمی خەباتیان بکەنە ئەو چینە باڵادەستە. بە لابردنی ئەوان لەسەر دەسەڵات دەرگایەکی گەورە بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان ئاوەڵا ئەبێت تا مافی زیاتر لە ئازادی و یەکسانی جێگیر بکات. بەڵام پێشگرتن بە کوشتنی ژنان ناکرێ و نابێ حەواڵەی ئەو کاتە بکرێ و پێویستە گیانی بەرگری لە کۆمەڵگەدا بەرامبەر بە کوشتنی ژنان بەهێزبکەین و بیهێنینە مەیدانەوە. ژنکوژی و تاوانی دەستدرێژی و لاقەکردن و لێدان و سوکایەتی و ناچارکردنیان بە خۆسوتاندن بە وجود و مانەوەی ئەمان لەسەر دەسەڵات بنبڕ نابێ یان هەتا کەم نابێتەوە، مەگەر جووڵانەوەیەکی بەهێزی سەراپاگیر ناچاریان بکات هەندێ یاسا و ڕێسای توند لەبەرامبەر ئەو تاوانکاریانەدا بگرنە بەر. لە دەرەوەی وڵاتیش بەڕاستی ئەبێ بەجۆرێک ڕسوا بکرێن کە نەتوانن سەر بەرز بکەنەوە و بەو جۆرە قسانەوە کە گوایە دژی کوشتنی ژنان خۆیان با بدەن!

ئەگەر نا، هەر چاوەڕوانیەک لەم دەسەڵات و حکومەتە کە دۆخی ژنان بەرەو باشی ببات و بەو قسانە تێبکەوێ کە مەسرور ئەیکات ئەچێتە خانەی تەسکبینیەکی فیمینیستیەوە کە چاوی لەوەیە دەسەڵاتێک کە وەک ئەژدیها ئەسڵەن منالانی هەژاری ئەم مەملەکەتە قوتئەدا بێت و ''سۆز و بەزەیی'' دەرهەق بە ژنان نیشان بدات!

٢٣ ی ئەپریلی ٢٠٢١

☆

**خەباتی ژنانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بەشێکە لە خەباتی چینی کرێکاری کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حکومەتی میلیشیایی....**

# ڕۆڵی پارتی لە تاوانی تیرۆری هاوڕێیان شاپور و قابیل دا...



عەبدوڵا مەحمود

١٨ ئەم مانگە ٢٣ ساڵ بەسەر تیرۆری هاوڕێیان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل دا تێپەڕی. شاپور و قابیل دوو رابەری ناسراو و دوو ڕوخساری خۆشەویستی چەندین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەوانە" کۆمەڵەی ئاوارەکان، یەکێتی بێکاران و بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان" لە کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکاتیش دوو کادری بەرجەستە و خۆشەویستی رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوون.

تیرۆری ئەو هاوڕێیانە لە شاری هەولێرو لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتییدا لە کاتێکدا ڕوویدا، کە پارتی کەمتر لە ساڵ و نیوێک بوو لەڕێگای خۆ ڕادەستکردنی بەرژێمی درندەی بەعسدا، و بە پێشلەشکری ئەو سوپا درندەیەی بەعس گەرایەوە ناو هەولێر و هاوسەنگی هێزی لەبەرامبەر یەکێتیدا بە سودی خۆی گۆڕی. بەگەڕانەوەشی بۆ ناو شاری هەولێر و لە شەری دەرکردنی یەکێتیدا خەڵکێکی یەکجار زۆری کوردستانی لەترسی سوپای بەعس توشی ئاوارەیی کرد. لەم خۆشخزمەتی چاو ساغیەی پارتیدا، ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەدەستی سوپای بەعس و پارتی کوژران و ژمارەیەکیشان دیل کران، کە دواتر ئیعدام کران. پارتی لەگەڵ گەڕانەوەی بەشیوەیەکی زۆر دڕندانە کەوتە گیانی نەیارانی سیاسی خۆی، بەتایبەتیش کادر و هەڵسوڕاوانی یەکیتی نیشتیمانی. بەجیا لەوانە پارتی دەستی دایە گرتنەبەری چەندین ڕێگا بۆ ئەوەی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم خۆقایمکردن و داکوتانی پایەی دەسەڵاتدارێتیەکەی لابدات و وەکو تاکە دەسەڵاتی ئەو شارە خۆی پێناسە بکاتەوە.

لەچوارچێوەی ئەم ئامانجەیدا، بەشێکی یەکجار زۆر لە کادر و فەرماندەو هەڵسوڕاوان و ئەندام و تەنانەت لایەنگرانی یەکیتی دەرکرد و ئاوارەی زۆنی سەوزی کردن و دەستی بەسەر ماڵ و مولکیان گرت. بەم جۆرەش پارتی ئاوارەیی لەناو هەرێمی کوردستاندا لەسەر مەبنای بیروباوەڕی سیاسی جیاواز، کردە واقعیەتیکی قێزەون. دیارە یەکیتی نیشتیمانیش لە بەرامبەردا درێغی نەکردو هەر لەو کاتەشەوە پارچەپارچە کردنی هەرێم لەسەر دەستی ئەم دوو هێزە جێگر کراو بە کردەوەش هەرێم کرا بە دوو زۆنی ژێر سایەی دوو دەسەڵاتی نۆکەر بە وڵاتانی ناوچەکە.

بۆ پارتی گرتنەوەی شاری هەولێر تا دیگەڵە، ڕاوەدونانی یەکێتی تا سنورەکان، گۆرزێکی کەمەر شکێن بوو لە یەکێتی و باڵانسی هێزی بە قازانجی خۆی گۆڕی، بەڵام ئەمە بەتەنها نەیدەتوانی دەسەڵات لەدەستی پارتیدا قوتبی بکاتەوە. چونکە بە جیا لەوەی هێزی سیاسی تر هەبوون لە هەولێردا، هاوکات پارتی لەگەڵ واقعیەتێکی تر ڕووبەڕوو بوو. واقعیەتی بوونی هێزێکی کۆمۆنیستی، ئامادەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی. پارتی کەپێشتر لەسەر رەشەوە شاهیدی هەڵسورانی کۆمیتەی هەولێری حزب و چالاکیەکانی بوو، شاهیدی سازدانی دەیان کۆڕ و سمینار و جدار حر و ئاکسیۆنە ئاپارییەکان بوو کە بەهەزاران کەس بەشداریان تیادا دەکرد. شاهیدی دەنگی رادیۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوو، وەکو تاکە بڵنگۆی راستبێژی کۆمۆنیستی و رۆڵی لە خستنەڕووی خۆشخزمەتی پارتی و پێشلەشکردی بۆ سوپای بەعس لە ٣١ ئابدا. شاهیدی بوونی بنکەی کۆمەڵەی ئاوارەکان، بنکەی ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان، بنکەی یەکیتی بێکاران، بارەگای حزب، نووسینگەی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە...بوو. شاهیدی چالاکی کۆمەڵەی ئاوارەکان و نەخشی ئەو ڕێکخراوە بوو بۆ بەرگری لە ئاوارەکان و فەراهەمکردنی خواردن و پێداویستی بۆیان. شاهیدی ئیعتیبار و جێکەوتنی کۆمەڵەی ئاوارەکان و دانپیانانی بوو لەلایەن ڕیکخراوەی یوئین و ڕیکخراوە ئینسان دۆستەکانەوە. شاهیدی رۆڵی یەکیتی بێکاران و کۆبونەوەی هەزاران کەس لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتیکش بوو لەدەوریان. شاهیدی حزوری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەولی ئەو ژن و پیاوە ئازادیخوازانە بوو کە دەیانویست یاسای باری کەسیتی بگورن. شاهیدی رەوتێکی ئازادیخوازانەو سیکیولاریستی بوو بەدژی کۆنەپەرستی سیاسی و رەوتە ئیسلامیەکان... بەکورتی هەولێر یەکێتی لێ دەرکرابوو، بەڵام کۆمۆنیزم و ئامادەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و ڕیکخراوە جەماوەرییەکان کە ئیلهامیان لە حزب وەردەگرت و بەکردەوە حزب پشتیوانییان بوو... ئەو مەترسیە بوو کە پارتی بەجدی حسابی لەسەر دەکرد. بەتایبەتیش کە پێشتر لە کوردستاندا چ پارتی و چ یەکیتی و خانەوادەی

## پاشماوەی .. ڕۆڵی پارتی لەتاوانی تیرۆری هاوڕیان..

بۆرژوازی کورد بەگشتی هەرگیز لەگەڵ هێزو رەوتێکی ئاوا کۆمۆنیستی بەرەو روو نەبببوون. ئەم واقعیەتە هێندە تاڵ بوو بۆ پارتی کە نەخشە دارشتن بۆ کەنارخستن و گوزر وەشاندن لەدوای لێدان لە یەکیتی، بەشێکی سەرەکی لە بەرنامەو نەخشەی پارتی بوو.

حزوری حزبی کۆمۆنیزمی کریکاریی و ریکخراوە جەماوەریەکان و چالاکیەکانیان، بەرهەمی ڕێکخستنەکانی حزب و ڕۆڵی ژمارەیەک لەکادر و رابەرانی حزب بوو، کە هاوڕییان شاپور و قابیل، دوو کاراکتەری زۆر بەرجەستەو دوو روخساری ناسراو و خۆشەویستی حزب و بزوتنەوە جەماوەییەکان بوون. پارتی بۆ لێدان لە کۆمۆنیزم و ریکخراوە جەماوەییەکان و پاشەکشە پێکردن بە کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، پێویستی بە زۆر ڕێگا هەبوو لەکەڵک وەرگرتن بۆ هۆنینەوەی درۆو بۆختان تا دەگاتە بەدەستەوەگرتنی رەوتە ئیسلامییە چنگ بەخوێنەکان و تا دەگاتە هەڵخراندنی ریزی مەلای بەلاشخۆری وەکو مەلا بەشیری فتواچی و تا وەشاندنی گوزی ترسنۆکانەو تیرۆریستی.

لەوچوارچێوەیەدا پارتی چ لە ڕێگای هەڵخراندنی ئیسلامیەکان و مەلاکانی لەچەشنی مەلا بەشیر و فتواکانی و چ لە رێگای دەزگای پاراستن و کەناڵ و دەزگا میدیایەکانی بەتایبەتی گۆڤاری گوڵان، فەزاسازیەکی لەدژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی دەستپێکرد و پرسی ژنانی کردە رووپۆشی هێرشێکی بەرین بۆسەر کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی.

لەدڵی ئەو فەزا سیاسیەدا کە پارتی خۆی جوڵێنەر و ئەندازیاری سەرەکی بوو، لە کردەوەیەکی ترسنۆکانەی تیرۆریستیدا هاوڕییان شاپور قابیلیان کردە نیشانە. لە کاتێکدا شاپور و قابیل لە یەکیتی بێکاران بوون بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئاکسیۆنی ئایار، کەوتنە بەر دەستریژی باندێکی ئینسان کوژ و گیانیان بەختکرد. جێگای بیرهێنانەوەیە کە بینای یەکیتی بێکاران تەنها چەند سەدەمەترێک لەئاسایشەوە دوور بوو.

پارتی وەکو دەسەڵاتی هەولێر، لەبەرامبەر بەو کردەوە تیرۆریستیەدا، ئیدانەی تیرۆرەکەی کرد و لە دانیشتنیشی لەگەڵ وەفدی رابەری حزبدا بەڵێنیاندا کە فتوادەران و بکوژانی شاپور و قابیل دەستگیر و رادەستی دادگا بکەن. لەوەش واوەتر لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بە ئیمزای سەرکرایەتی حزبی و کۆمۆنیستی کریکاریی و پارتی، پارتی بەڵێنی پابەندبوون بە ئازادی هەڵسورانی سیاسی دا، بەڵام بەکردەوە پێچەوانەی ئیمزای خۆیان مامەڵەیان کرد و لەوەش زیاتر ئولفەت گرتنیان بە سیناریۆ سازی، دوبارە کردەوە.

پارتی نەک پابەندی ڕێزگرتن لە ئازادی هەڵسورانی سیاسی حزب و لایەنە سیاسییەکان نەبوو، بەڵکو تەنانەت ئامادەنەبوو بنکەی یەکێتی بێکاران و ریکخراوەی سەربەخۆ رادەستی ئەو ڕێکخراوانە بکاتەوە، کە لەکاتی تیرۆری هاوڕییان شاپور و قابیلدا دەستیان بەسەردا گرت. ئەو بنکانە پڕ بوون لە ئەرشیف و بەڵگەنامەی چالاکیەکان و ممتەلەکات کە پارتی دەستی بەسەردا گرتن و تا ئیستاشی لەگەڵ بێت لای پارتین.

هاوکات نەک فتوادەرانی رادەستی دادگا و لێپرسینەوەی یاسایی نەکرد وەکو بەڵێنی دابوو، بەڵکو مەلا بەشیری فتواچی کردە ئەندام پەرلەمانی کوردستان و راژەکەشی لە مەئموریەتی بۆ یەککرتووی ئیسلامیەوە گواستەوە بۆسەر مەئموریەت و خزمەتکاری بۆ پارتی و ئیستاش لەسەر لیستی ئەو جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە.

لەهەموو ئەوانەش واوەتر ئەو چەند کەسەی کە گوایە وەکو بکوژی شاپور و قابیل دەستگیرکراون، لەم دواییانەدا دەرکەوت کە ئەمانە لەسەر ئەو تیرۆرە دەستگیر و دادگایی نەکراون. پارتی لەچوارچیوەی سیناریۆ سازیە پوچەکانی خۆیدا ناچاری کردوون کە دۆسیەی کوشتنی هاوڕییان شاپور و قابیلیش بگرنە ئەستۆی خۆیان. دیارە ئامانجی پارتیش لەم کارەی ئەوە بووە بکوژانی راستەقینەو نەخشەکیشانی ئەم تاوانکاریە، بشاریتەوە و شانی خۆی لەم تاوانە لێخوشبوون هەڵنەگرە خاڵی بکاتەوە.

بەم شێوەیە پارتی بۆ پاشەکشەپێکردن بە کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی هێرشی هەمەلایەنەی خۆی بۆسەر نەیارانی دەستپێکرد و تیرۆری هاوڕییان شاپور و قابیلیش، لەچواچێوەی ئەم ئامانجەیدایە.

دیارە ڕۆڵی سەرەکی پارتی لە ژینگە سازکردن و تیرۆری هاوڕێیاندا، بەهیچ جۆرێک شانی فتواچیان و ئیسلامیەکان و ڕۆڵیان لەم کردەوە ئینسانکوژیەدا کەم ناکاتەوە. تا ئەو کاتەش پارتی نەخشەدارێژەرانی سەرەکی و بکوژانی هاوڕییان شاپور و قابیل ئاشکرا نەکات و رادەستی دادگایان نەکات، ئەم دۆسیەیە بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

**ئەپریلی ٢٠٢١**

**بژی یەکی ئایار ڕۆژی خەباتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار دژی دەسەڵاتی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری!**

# بەڵێ بۆ بڕینی موچەی پلە باڵاکان و زیادکردنی موچەی کرێکاران!



مستەفا باهیر

لەم رۆژانەدا یەکێتی داوەرانی هەرێمی کوردستان بە واژووی دادوەر " ئومێد موحسین حەمەدەمین" لەسەر داوای زیاتر لە ٤٠٠ دادوەر و داواکاری گشتی نامەیەک ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و داوا دەکا کۆتایی بە لێبڕینی لە ٥٠% مووچەکانیان بهێنرێت، چونکە ژیانیان خراپ بووە لەبەر ئەوەی مەترسیان لەسەر بەهۆی کارەکەیانەوە و ناچاربوون پاسەوان بگرن لەسەر حسابی خۆیان. ئەم بەرێزانە مانگانە زیاتر لە ٨ ملیۆن دینار وەردەگرن جگە لەوەی کە بەشی زۆریان کۆمەڵێک ئیمتیازاتی تایبەتیشیان پێدراوە. وەک چۆن ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق مانگانە نزیک بە ٤٠ ملیۆن دینار دەکەون لەسەر دەوڵەت ئەمانیش بەهەمان شێوە مانگانە لەسەر بوجەی گشتی پارەیەکی زۆریان بۆ سەرف دەکرێت. ئەم بەرێزانە لە هەفتەیەکدا تەنها چوار رۆژ دەچن بۆ شوێنی کارەکانیان، رۆژانەش نزیک بە ٣ کاتژمێر کاردەکەن واتە لەمانگێکدا کەمتر لە ٥٠ کاتژمێر کاردەکەن.

بەم پێیە موچەی یەک کاتژمێرِ کارکردنیان دەکاتە زیاتر لە ١٦٠هەزار دیناری عێراقی. هەمومان باش دەزانین کە دادگا لە کوردسستان بوە بە بوکەڵەی دەستی حزبە دەسەڵاتدارەکان و بوە بە ئامرازێک بۆ سەپاندنی خواست و ویستی بنەماڵەی دەسەڵاتداران لەکوردستان. ئەم ڕاستیەش نەک هەر خەڵکی کوردستان بەڵکو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەئاسانی هەستی پێدەکەن و نمونەشیان لەبەردەستە، کاتێک دادگا بڕیاری ٣٠ ساڵ زیندانی دا بەسەر کەمالی سەید قادر، بەڵام پاش ئەوەی فشار خرایە سەر پارتی و بنەماڵەی بەرزانی، لەسەر داوای ئەوان کەمالی سید قادریان ئازد کرد. ئەم بەرێزانە نەیانتوانی ئەو هەمو موستەشارو ئامر مەفرەزانە بدەن بەدادگا کە بەشێکی خەڵکی هەژاری کوردستانیان ئەنفالکرد.. ئێوە سەلماندتان جگە لە بوکەڵەیەک بەدەست حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هیچی ترنین. هەر ئەمەشە وای کردوە کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان باوەڕیان بەدادگاکانی ئێوە نەبێت و خۆیان لە رێگای ترەوە چارەسەری کێشەکانی خۆیان دەکەن.

ئەو نیوە موچەیەی کە ئێستا وەری دەگرن لە چاو موچەی کرێکاران و فەرمانبەران زۆر زیاترە، گەر بەراوردێکی کارو موچەی ئێوەو کرێکاران بکەین دەبینین کە جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە هەم لەکارکردن هەم لە موچەدا. کرێکاران لەهەفتەیەکدا ٦ رۆژ کاردەکەن هەر رۆژەش ٨ کاتژمێرِ کاردەکەن، واتە لەمانگیکدا زیاتر لە ١٩٢ کاتژمێر کاردەکەن. گەر کرێکارانی ژینگەپارێز بە نمونە وەرگرین، کرێکەیان لە کاتژمێریکدا دەکاتە ١٥٠٠ دینار، گەر رۆژێکیش نەچێت بۆ کارکردن کۆمەڵگا پیوەی دیاردەبێت، بەڵام ئێوە لە کاتژمێریکدا ١٦٠ هەزار دینار وەردەگرن. گەر چەند رۆژیش نەچن بۆ کارکردن کۆمەڵگا هیچی پیوە دیار نابێت.

یەکێک لە نایەکسانیەکانی سستەمی سەرمایەداری نایەکسانیە لەکارو موچەدا، بەڵام هەمیشە کرێکاران هەوڵیانداوە ئەم جیاوازیە کەم کەنەوە. کاتێک بەلشەفیەکان لە روسیا دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەو جیاوازیە زۆرەی کەلەکاتی دەسەڵاتی قەیسەردا هەبو لە موچەدا نەیانهێشت. موچەی ئەوانەی پێی دەڵێن پلە باڵا لە موچەی کرێکارێکی شارەزا (ماهیر) زیاتر نەبوو. بۆنمونە لینین خۆی کە سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو٥٠٠ رۆبڵ وەردەگرت، کرێکارێکی ماهیریش ٣٠٠ رۆبڵی وەردەگرت. هەموانیش وەک یەک گەر لە خێزانیکدا کەسێکی ناکام هەبوایە ١٠٠ رۆبڵی وەردەگرت. لەئێستاشدا لەژێر سیستەمی سەرمایەداریدا لەو دەوڵەتانەی کە کرێکاران یەکگرتون و خاوەنی رێکخراوی خۆیانن توانیویانە ئەم جیاوزیە کەم کەنەوە. گەر نمونەی وولاتێکی وەک فنلند وەرگرین کە زۆربەی کات ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتوە لە خۆشگوزەرانیدا، دەبینین ئەو جیاوازیە زۆرە نیە لەبەینی موچەی سەرۆک ⟸

## یەک ملیۆن دینار لانی کەمی کرێ بۆ خێزانێکی ٥ نەفەری .. خواستی کرێکاران وکارمەندانی کوردستانە!



# بەبێ رێکخراوبون، ئایندەیەکی باش نایەتەدی!

## چەند تێبینیەک لە سەر مەسەلەی رێکخراوبونی کرێکاران

عرفان کریم

بارودۆخی سەختی ژیان و گوزەرانی کرێکارانی کوردستان لەژێر سایەی نزیک بە ٣٠ ساڵ لە حاکمیەتی بۆرجوازی کوردا، هێشتا درێژەی هەیە. سەختی هەلومەرجی کار و نەبونی مەرجەکانی سەلامەتی شوێنی کار و کەمی هەقدەست و مووچە و دابین نەکردنی بیمە کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکان بەشی چینی کرێکاری کوردستانە لەسایەی ئەم دەسەڵاتەی بۆرژوازی کوردا.هاوشانی ئەمانەش، هێشتا یاسا کاریکی پێشرەوانە بۆ کرێکاران لەئارادانیە. لەبەرامبەر ئەم باروودۆخە سەختەدا، کرێکارانی کوردستان و لە ناوەندە جۆربەجۆرەکانی کار و کارگەکاندا، بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی خۆیان دەربڕیوە، هەر لە دەستبردن بۆ راگرتنی کار تا مانگرتن و خۆپیشاندان و داخستنی رێگاوبانەکان. بەڵام ئەوەی لە تەجروبەی نارەزایەتیەکانی چەند ساڵی رابوردوی کرێکاراندا بەدی دەکرێت، کەمترین و لاوازترین مەیلە بۆ زیندووراگرتنی ئەم نارەزایەتیانە و بەرەودان پێیان و ئاراستەکردنیان بەرەو پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریەکان و سازدانی کۆبونەوە گشتیەکان. ئەوە راستە کە بەشێک لەم نارەزایەتی و مانگرتنانە بە بەشداری و بە دەنگی زۆرینەی کرێکاران بریاری لەسەردراوە، بەڵام زۆرجار کارەکە لەوێدا کۆتایی پێهاتوە و تەنها وەک کاردانەوەیەکی کاتی لەبەرامبەر داخوازیەکی دیاریکراودا، قەتیس ماوەتەوە و جارێکی دیکە بە بێ هیچ بەرنامە و بریارێکی دیاریکراو بۆ بەرەودان بە شێوازی ئەم نارەزایەتیانە و سازدانەوەی رێکخستنی ناوخۆیی ریزەکانی کرێکاران لە چوارچێوەیەکی رێکخراوەییدا کۆتاییان پێهاتوە. لاوازی ئەم مەیل و خواستە بۆ رێکخراوبون و بەردەوامی نەدان بە شێوازە جیاوازەکانی خەبات و نارەزایەتی لەپێناو بەهێزکردنی بزوتنەوەی کرێکاری، یەکێکە لە کێشە و گرفتە سەرەکیەکانی نێو ریزەکانی چینی کرێکار

## پاشماوەی .. بەڵێ بۆ برینی موچەی پلە باڵاکان و...

وەزیران و کرێکارێکدا. سەرۆک وەزیران لە فنلند زیاترلە ١٢ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت، کرێکارێکیش نزیک بە ٤ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت؛ واتە جیاوزیەکە تەنها ٣ بۆ ٤ ئەوەندەیە. مووچەی دادوەران لە فنلند لەنێوان ٤٩٠٠ یۆرۆ تا ٦٩٠٠ یۆرۆ دەبێت بەپێی خزمەت و ئەزمونی کار. واتە نزیکەی ئەوەندەو نیوی کرێی کرێکارێک وەردەگرن! لەهەفتەیەکیشدا ٥ رۆژ دەوام دەکەن رۆژانەش ٨ کاتژمێر کاردەکەن. بەڵام لە کوردستان و عێراق جیاوازیەکی یەکجار زۆر هەیە لەبەینی موچەکاندا. دادوەرێک زیاتر لە ١٠٠ ئەوەندەی کرێکارێک وەردەگرێت. بۆیە دەبێت کرێکاران و هەژارنی خەڵکی کوردستان داوای یەکسانیەک بکەن لە موچەدا بۆ نمونە لانی کەمی موچەی کرێکارییەکی نەشارەزا لە ملیۆنێک کەمتر نەبێت و نابێت موچەی پەلە باڵاکانیش لە دوو بۆ سێ ئەوەندەی موچەی کرێکارێکی شارەزا (ماهر) زیاتر بێت. تا ئەم جیاوازیە زۆر هەبێت لە موچەدا لەناو وولاتدا جیاوازیەکی چینایەتی گەورە دەبینی وەک ئەوەی ئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێ کە زیاتر لە ١٢ملیۆن کەس لەژێر هێڵی هەژاریدایە بەڵام سەرۆک کۆمارەکەی مانگانە ٨٠ ملیۆن دیانر وەردەگرێت، جگە لەوەی کە یەک ملیار دیناری بۆ نەسریە هەیە.

دادوەرەکان باسی ئەوەدەکەن کە ژیانیان لە مەترسیدایە بەهۆی ئیشەکەیانەوە، بەڵام ئەگەر بەراورد بکرێت بە مەترسی لەسەر ژیانی کرێکار، کە رۆژانە بەهۆی کاری سەخت و نەبوونی هەلومەرج و پێویستیەکانی سەلامەتی کارەوە، کرێکارێک یان زیاتر لە هەرێمی کوردستان دەبێتە قوربانی، ئەوا بەروونی دەردەکەوێ کە لەو روەشەوە ستەمێکی گەورە لە کرێکار دەکرێ، کە لای جەنابی دادوەر وەکو شتێکی سروشتی و ئاسایی کارکردن تەماشای دەکات. ساڵی ٢٠٢٠ لەهەرێمی کوردستان ٣٠ کرێکار ژیانیان لەدەست داوە. جگە لەوانەی کە بەهۆی شوێنی کارەوە کەم ئەندامبوون. بۆیە دەبێت بڵێین بەڵێ بۆ لێبرینی موچەی پەلە باڵاکان و زیاد کردنی موچەی کرێکاران. تا بۆ ئەو نادادپەروەریەی کە لەمووچەی کوردستاندا هەیە و داوەرکان بەشێکن لێیی.

★

## پاشماوەی .. بەبێ ڕێکخراوبوون، ئایندەیەکی باش نایەتەدی..

لە کوردستان.

هەڵبەتە لێرەدا جێگای خۆیەتی، کە ئاماژە بەو هۆکارە سەرەکی و مێژووییەش بکەین کە کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر هاتنەکایەی ئەم لاوازیە لەنێو بزوتنەوەی کرێکاریدا، کە ئەویش لاوازی و کەم کاریگەریی کۆمەڵایەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپە لە کوردستان.

بەلام ئەمە مەسەلەیەکی سیاسیە و دەکرێ لە داهاتوودا بەجیاواز لەسەری بدوێین.

تا ئەو جێیەی بە گرنگی مەسەلەی ڕێکخراوبون دەگەڕێتەوە، لێرەدا پێویستە باس لەو ڕاستیە بکەین کە کرێکاران، بەبێ دەستبردن بۆ ئەم هەنگاوە چارەنوسسازە، واتە بڕیاری خۆڕێکخستن و سازدانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخستنی خۆیی، هەر لە پێکهێنانی دەستەی چەند کەسی کەمەوە لە کارگەیەکی دیاریکراو، تاوەکو سازدانی کۆبونەوەی گشتی زۆربەی کرێکاران لەناوەندی کاردا، دەسەلاتدارانی حکومەتی هەرێم و خاوەن کارگە و کۆمپانیاکان بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین، وەلامی سەرەتاییترین خواست و داواکاریەکانی کرێکاران بدەنەوە.

هۆکاری ئەوەی کە خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان ئاوها بە سەرسەختی و بێ منەتانە لەبەرامبەر داخوازاییەکانی کرێکاراندا، ڕادەوەستنەوە، هەروەها گوێی خۆیان لەئاست داواکاری و خواستەکانی کرێکاراندا کەڕکردوە، پشت ئەستوری و پاڵدانەوەی ئەمانە بە دەسەلاتێکی میلیشیایی و چەکداریەوە لە کوردستان. بەشێکی بەرچاو لە سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکان، سەرمایە و بازرگانیان تێکەڵکردوە لەگەڵ کەسانی دەستڕۆیشتوی نێو ڕیزەکانی ئەم دەسەلاتە چەکدارە. ئەم پەیوەندیەش کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆسەر شێوازی مامەڵەی ئەم سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیانە لەگەڵ نارەزایەتیەکانی کرێکاراندا.

هەربۆیە هێندەی دیکە لەبەرامبەر خواست و داواکاریەکانی کرێکاراندا، کەلەڕەقانە بێوەلام دەبن و زۆرجار لەکاتی هەولدان بۆسازدانی مانگرتنێک یاخود نارەزایەتیەکی دیاریکراو، پەنا دەبەنە بەربەکارهێنانی هێزی ترساندن و هەڕەشەکردن لە کرێکاران.

سایەکردنی ئەم جۆرە لە دەسەلاتی میلیشیایی لەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران، کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم هاتنەمەیدان و چونە پێشەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران.

بەلام لەبەرامبەر ئەم دەسەلاتە تێکەڵە لە سەرمایەدارو سەرۆک میلیشیاکان، کە مامەڵەیەکی کۆیلە ئاسای سەدەکانی تاریکی لەگەڵ کرێکاراندا دەکەن، چارێکی دیکە تەنها سەنگەر و ئامرازی بەرگری و خەباتی کرێکاران و تەنها بڕیاری دروست، کۆبونەوەی کرێکارانە لە دەوری یەکتر و سازدانی کۆبونەوەیە گشتیەکان و پێکهێنانی ئەنجومەن و شورا کرێکاریەکانە. ئەو هێزەی کە دەتوانی سەعاتەکانی کار کەمبکاتەوە و مووچە و هەقدەستەکان زیاد بکات و هەتاوەکو دەتوانێ بیمەکانیش بەدەست بێنێ، ئەوە هێزی ڕێکخراو و یەکگرتوویی کرێکارانە. لەکوردستان نە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی و نە سەرۆک عەشیرەت و نە پیاوانی ئاینی دەتوانن سادەترین ماف بۆ کرێکاران بەدەست بهێنن، بەڵکو ئەوە جێگا و ڕێگای گرنگی کرێکارانە وەک هێزێکی بەرهەمهێنەر و خولقێنەری سەرجەم پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و دابینکەری تەواوی خزمەتگوزاریەکان، کە دەتوانێ بە هەنگاونان بەرەو سازدان و پێکهێنانی ئەنجومەن و شورا کرێکاریەکانی خۆی و بە بەرێخستنی مانگرتنە سەراسەری و گشتیەکان، پاشەکشە بە ملهوڕی و دەستدرێژی سەرمایەداران و سەرۆک میلیشیاکان بۆسەر مافەکانی کرێکاران بکات.

هەربۆیە تەنها ڕۆشنایی لە نێو تونێلی تاریکی بارودۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکاراندا، مۆمی ڕێکخراوبون و بلێسەی پێکهێنانی دەستە و ئەنجومەن و شورا کرێکاریەکانە.

★

## کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
## دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نورەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئێوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و ستەمگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕێکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەواتە با لەشوێنی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، دەستبخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆببینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕێگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر دامەزرێنین!**

# یەکی ئایار ڕۆژی توندکردنەوەی خەباتی چینایەتی کرێکارە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی!

یەکی ئایار، ڕۆژی یەکێتی وهاوپشتی ئەنتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکار، ڕۆژێکە بۆ توندکردنەوەی خەبات و ڕاوەستانەوە بە دژی نەزم و نیزامی سەرمایەداری.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر پەتای کۆرۆنا و قەیرانێکی هەمەلایەنەی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی، کرێکاران و خەڵکی مەحرومی دنیا لەوپەڕی هەلومەرجی قورس و سەختدا ڕاگیراون. مایەپوچبوونی بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا و کارتێلەکان و داخستنی ملیۆنەها پرۆژە و شوێنی کار و شکاندنەوەی زەرەروزیانی ئەو قەیرانەی کە بەرۆکی بە چینی دەسەڵاتدار گرتووە بەسەر جەماوەری بێبەشدا، یەکێک بووە لە تایبەتمەندیەکانی سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ. ئەمە لەپاڵ درێژەکێشانی سیستەمی کاری بەکرێ و چەوسانەوە و کۆیلایەتی مۆدێرنی ملیارەها ئینسان لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا. ئەم سیستەمە نائینسانیە بەڕاستی ژیان و مانەوەی مرۆڤەکانی لە زەلکاوی پیسی قازانجپەرستی و کێبڕکێی کۆمپانیا و دەوڵەتە زلهێزەکان و جەنگ و کاولکاریەکانیاندا ڕاگرتووە. ڕوداوەکانی جیهانی ئەمرۆ و ڕاستیەکانی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە سەردەمی کۆرۆنادا جارێکی تر ئەو ڕاستیەی سەلماندۆتەوە کە سیستەمی سەرمایەداری نەک هەر وەڵامدەرەوەی ژیان و چاوەڕوانیەکانی ئینسانی سەردەم نییە، بگرە حاکمان و پارێزەرانی ئەم سیستەمە بڕیاریانداوە جەستەی ملیۆنەها ئینسان لەگەڵ مەرگی سەرمایەکانیاندا بخەنە گۆڕەوە.

لە کوردستانیش سەرباری نەهامەتی و کوێرەوەریەکانی ژێر سایەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد کە ٣٠ ساڵە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی تێدا نوقم کردووە، قەیرانی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی هێندەی تر ئاسایشی ژیان و بژێوی جەماوەری بەرینی بێبەشانی لەبەردەم ئایندەیەکی تەڵخدا داناوە. خۆدزینەوەی هەرچی زیاتری ئەم دەسەلاتە دڕندەیەی بۆرژوازی کورد لە دابینکردنی موچە و خزمەتگوزاری و سەرەتاییترین مافەکانی ژیان و بژێوی، هێشتا کافی نەبوو بۆیان، تا پەتای کۆرۆنا و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوریان، لەژێر ناوی "چاکسازیدا" کردە بەهانەیەک بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەر ژیان و بژێوی کرێکاران و جەماوەری کەمدەرامەت. ئەم دەسەلاتەی بۆرژوازی کورد، کە نەک هەر قسەیەک لە دامەزراندنی ئەو سەدان هەزار گەنج و لاوە ناکات کە ساڵهایە دوای خوێندنێکی زۆر لەبەردەم بێکاریدا ئومێدەکانیان هەڵوەریوە، نەک هەر وەڵامێکی ئەکیدی نییە بۆ دابینکردنی موچە و کرێی کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان بە شێوەیەکی تەواو و ڕێکوپێک، نەک هەر لە خەمی دابینکردنی پێداویستی خەستەخانە و ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریەکانی تردا نییە، بگرە دەستی بۆ سیاسەتی بێکارکردنی زیاتر بردووە و سیستەمی کاری گرێبەستی کاتی کردۆتە مۆدێلێکی جێگیر. ئەمە جگە لە کەمکردنەوەی کرێ و زیادکردنی سەعاتی کار و ئاوەڵاکردنی دەستی کۆمپانیاکان و خاوەنکارەکان بۆ سزادانی کرێکاران و ڕاگرتنی هەڕەشەی بێکارکردن بەسەرسەریانەوە. بەمجۆرەش پەرەدان بە هەژاری زیاتر و بێکاری زۆرتر لە دۆخی ئێستادا بۆتە چەکێکی دەستی چینی دەسەڵاتداری کوردستان .

سەرباری هەموو ئەمانەش، قەیرانی دەسەلات و مونافەسە و کێشمەکێشی نێوان حزبەکانی سەر بە خێزانی بۆرژوازی، ژیانی هاوڵاتیانی گیرۆدەی نائارامی و گێژاوێکی سیاسی و پشێویەکی کۆمەلایەتی کردووە و زیادبوونی تاوان و ئینسانکوژی بەگشتی و ژنکوشتن بە تایبەتی و تەعەداکردن لە خەڵک لەڕێی میلیشیاکانیانەوە کردۆتە کارەساتێکی ڕۆژانە .

بەلام لەگەڵ هەموو ئەم دۆخە ناهەموارەدا ئەوە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشانن کە پەییان بەو ڕاستیە بردووە کە مانەوە و ژیانکردن لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا، چیتر لە تواناندا نییە و قەبوڵ ناکرێت. خرۆشانە جەماوەریەکانی ئەم دوایانەی شارەکانی کوردستان و ناڕەزایەتیە بەردەوامەکانی بەشەکانی کۆمەڵگە کە خواستی وەلانانی ئەم دەسەلاتەی کردۆتە ئامانجێکی بەردەم، بە ڕۆشنی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت .

**کرێکاران و جەماوەری برسی و هەژارکراو:**

پیرۆزکردنی یەکی ئایار بە زیاتر تاودانی خەباتمان لەپێناو کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە چەوسانەوە و هەژاری و برسێتی، کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان، واتە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا ئەکرێت.

کۆمەڵگەی کوردستان

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# کاردانەوەی بارەگای بارزانی و ئیسلامیەکان هەمان ناوەرۆکی هەیە!

کاردانەوەی بارەگای بەرزانی و وەزارەتی ئەوقاف بەرامبەر بە دراندنی قورئانەکەی هەولیر و ئیسلامیەکان بەرامبەر بە سەمای سەهۆڵەکەی سلێمانی، هەمان ناوەرۆکی هەیە، ئەویش هەوڵدانە بۆ زاڵکردنی کەشوهەوای کۆنەپەرستی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، لەم ماناگەدا کە خۆی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ پەرەدان و فراوانکردنەوەی کۆنەپەرستی ئاینی و کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا.

کۆمەڵێک پارێزەری ئیسلامی لە سەهۆڵەکە کۆبونەوەو داوای سزادانی ئەو کورو کچە گەنجە دەکەن. بارەگای بارزانی و وەزارەتی ئەوقاف و مەلاکانیش وەکو هەنگوینیان لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، لەسەر دراندنی قورئانەکە کەوتنە هەڕەشەکردن و سزادانی ئەنجامدەرەکەی...ئامانجی ئەم جۆرە پروپاگەندەو لێدوان و هەڕەشانەش، جیاواز لەوەی یەکێکیان لە بالاترین پلەی دەسەڵات و ئەوی دیکەی گوایە لەلایەن بەرەی ناڕازی بە دەسەڵاتەوە دەکرێت، بریتیە لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و زاڵکردنی فەزای کۆنەپەرستی و بێدەنگکردنی هەموو جۆرە ڕەخنەیەک لە دین و دەسەڵاتێکیش کە خۆی وەکو پارێزەری دین و پیرۆزیەکانی خەڵک نیشان دەدات، هاوکات بازرگانیەکی سیاسی سووکە بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی خاوەن بیروباوەری ئیسلامی.

لەم دوو ڕووداوەدا، ئامانجی ئەو هێرشەی دەکرێت بێدەنگکردن و کپکردنی دەنگی ناڕازی و پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازی کۆمەڵگای کوردستانە، خامۆش کردنی دەنگێکی ڕەخنەگر کە تەسلیم نابێت بە فشارەکان و ستەم و زوڵمی دەسەڵات و بۆ گۆڕینی ژیان و گوزەرانی خۆی یەخەی دەسەڵات دەگرێت، چارەنوسی ناداتە دەست قەدەرو دنیای خەیاڵی دینی. زاڵکردنی هەرجۆرە کەشوهەوایەکی کۆنەپەرستی و ترساندن سەرەنجام لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەگەڕێتەوە. هەمیشە ئیسلامیەکان لەپاڵ گلەیی و گازندەی ڕیاکارانەیان دژی دەسەڵات، بەڵام لەڕاستیدا فاکتەرێکی گرنگ بوون بۆ هێشتنەوەو ڕاگرتنی دەسەڵاتی گەندەڵی بۆرژوازی کورد.

بێگومان شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵی دراندنی قورئانەکە لەسەرەتادا و زوو هاتنە سەرخەتی پارتی لە بالاترین ئاستی خۆیدا، دواتریش ڕونکردنەوەی ڕۆژنامەوانی کەسێک بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر، کە قورئانەکە هی ئەوان بووە لێیان کەوتوە! ئەوە نیشان دەدات کە ئەمە سیناریۆیەکی پارتیە بۆ چەواشەکردن و سەرقاڵکردنی خەڵک.

سەماکەی سەهۆڵەکەی سلێمانیش بەشێکە لە ئازادی مرۆڤ و هیچ جۆرە سوکایەتی و بێرێزیەک نەکراوە بە هیچ کەسێک! بەڵام بانگەوازی پارێزەرە ئیسلامیەکان بۆ سزادانی ئەو دوو گەنجە و نمایشی نوێژی تەراویح لە هەمان شوێنی سەماکردنەکە، وەبەرهێنانی ئیسلامی سیاسیە لەو ڕوداوە بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی خاوەن بیروباوەری ئیسلامی بۆ سیاسەت و بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان. لەکاتێکدا هەر ئەم پارێزەرو ڕەوتە ئیسلامیانە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو بەرامبەر بە مەلا لەتیف و مەلا هەڵۆ و... لەسەر بێرێزی کردنیان بە ملیۆنەها مرۆڤ، کاتێک مەلا لەتیفی سەلەفی بە ڕوونی و لەسەر دەزگای ڕاگەیاندنەوە بەوکەسانەی ووت ئاژەڵ کە ئیسلام نین ! بۆیە کاردانەوەی ئیسلامیەکان شتێک نیە بێجگە لە تەواوکردنی سیناریۆکەی پارتی بە دیوێکی دیکەدا! هەردوکیان ئاو لەهەمان سەرچاوە دەخۆنەوە!

★

## پاشماوەی .. یەکی ئایار ڕۆژی توندکردنەوەی خەباتی چینایەتی کرێکارە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی!

بە دەستی ئێمە ئەتوانرێت لەم دۆخە سەخت و دژوارە دەربکرێت. لەم پێناوەشدا پێویستە لە دەوری یەک کۆببینەوە، خۆمان یەکگرتوو و ڕێکخراو بکەین، حزبی سیاسی خۆمان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەدەستەوە بگرین. نەک هەر تەنها بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم دەسەڵاتە وەلابنێین کە هەمووان گەیشتوون بەوەی ئیتر ئەبێت بە کردەوە دەستی بۆ ببەین، بگرە ئەبێت لەبەرامبەردا بە ئاسۆیەکی ڕۆشنی سۆشیالیستیەوە بۆ دامەزراندنی بەدیلی ئەم دەسەڵاتە تێبکۆشین. بەدیلێک کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دابمەزرێت و ئازادی و یەکسانی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت.

**بژی یەکی ئایار ڕۆژی خەبات لەپێناو ژیانێکی باشتردا**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**ناوەڕاستی نیسانی ٢٠٢١**

★

# خواستەکانی ئایاری ئەمساڵ

ئێمە کرێکاران وکارمەندان وجەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لەئایاری ئەم ساڵدا، سەنگەری خەباتی چینایەتیمان بۆ باشکردنی ژیان، یەکدەخەین و بۆ بەدەستهێنانی ئەم خواستانە تێدەکۆشین:

- پێویستە گرێبەستی کاتی کرێکاران و کارمەندان بکرێتە گرێبەستی هەمیشەیی
- دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان ئەرکی حکومەتی هەرێمە.
- ڕەخساندنی فرسەتی کار بۆ بێکاران یاخود پێدانی بیمەی بێکاری لەلایەن حکومەتەوە.
- یەک ملیۆن دینار لانی کەمی کرێ بۆ خێزانێکی ٥ نەفەری
- کاتژمێری کارکردن نابێ لە ٧ کاتژمێر زیاتر بێت لەکاری ئاساییدا
- ئەرکی خاوەنکارە کە سەلامەتی لە هەموو شوێن و ناوەندکانی کاردا دابین بکات
- بەڕەسمی ناسینی ئازادیی کۆبونەوەو ڕێکخراوبوون و نارەزایەتی دەربڕین
- هەڵگرتنی فەزای ئەمنی و تۆقاندنی کرێکاران و کارمەندان لە ناو کارگا و دامەزراوەکاندا
- دەرکردنی کرێکار لەسەرکار قەدەغەیە. تەنها نوێنەرانی سەربەخۆ و هەڵبژێرداوی کرێکاران دەتوانن لێپێچینەوە لە کرێکاران بکەن.
- لێبڕینی مووچە لەژێر هەر بیانوویەکدا قەدەغەیە.
- گێڕانەوەی موچە بەزۆر پاشەکەوتکراوەکانی مووچەخۆران..
- دەبێ یاسای کارێکی پێشرەو لە کوردستان دابمەزرێ.

## دابینکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەخۆرایی. ئەرکی حکومەتە !

**حکومەتی هەرێم، حکومەتێکی بندیوار و مشەخۆرە بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستانەوە. بوون و مانەوەی زیادەیەو مایەی وێرانکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و هەژارتر کردنیانە، مایەی لەنێوبردنی سەرجەم ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانیانە، مایەی هێنانی کارەسات وماڵوێرانیە بۆ خەڵکی کوردستان!**

## ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!

نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە:

www.hkkurdistan.org

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

00964(0)770 047 5533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕیکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەماڵ
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com